# دروستکردنی مزگەوت و شاڵاوی فەرهەنگی تورکیا

سوداد رەسول



مزگەوتێکی نوێ لەسەر شەقامی شەستی لە هەولێر کە لەسەر شێوازی بیناسازیی مزگەوتەکانی تورکیا دروستکراوە

یەکێک لە دیاردە بەرچاوەکانی کولتوری هەر میللەتێک، هونەری بیناسازییەکەیەتی. دیارە هەر میللەتێک بە گوێرەی بارودۆخی ناوچەکەی و سەلیقەی هونەری و دەسترەنگینی خۆی ئەو هونەرە بەرهەم دێنێ، کە ئەمەش لە ئەنجامدا وەک ناسنامەیەکی کولتوری ئەو میللەتە سەیری دەکرێت و بەمەش لە میللەتێکی دی جودا دەکرێتەوە.
یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی فەرهەنگ و کولتوری کوردی، تایبەتمەندی هونەری بیناسازی دروستکردنی مزگەوت و کۆشک و تەلارەکانیەتی. ئەگەر گەشتێکی خێرا بە چەند شارێکی کوردستان بکەین، دەکرێ زۆر تایبەتمەندی و خاسیەتی جیاوازی هونەری بیناسازی کوردی دەستنیشان بکەین، بە تایبەت لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، سنە، کرماشان، جزیرە، مێردین، ئورفا، ئامەد، بدلیس، حەسکێف و چەندین شاری دیکەی کوردستان زۆر دیمەنی جوانی هونەری بیناسازی کوردی بەرچاو دەکەون، کە بە داخەوە ئەمڕۆ لەو پەڕی بێبایەخییەوە لە هەندێک لەو شارانە ئەو گەڕەکە کۆنانە دەڕوخێنرێن و لە جێگەیان جادە و رێگا و بان و گەراج و دوکان دروستدەکرێن، ئەمە لە لایەکی دیکەوە گەورە بوونی شار بە بێ پلان و نەخشە ساڵ لە دوای ساڵ ئەو گەڕەکە کۆنانە هەڵدەلوشێت و ئیدی دوای چەند ساڵێک ئاسەواریان نامێنێت و دەبن بە چیرۆکی ناو کتێبان. ئەگەر سەرنجێکی بارودۆخی گەڕەکە کۆنەکانی ناو شاری هەولێر وەک خانەقا و تەعجیل و خانووبەرەکانی ناو قەڵات و بازاڕی قەیسەری بدەین، هەروەها لەگەڵ گەڕەکە کۆنەکانی ناو سلێمانی وەک مەڵکەندی و دەرگەزێن و سابونکەران... ئەوا راستی ئەو دیاردەمان بۆ دەردەکوێت.

پێموایە کاتی ئەوە هاتووە کە حکومەتی هەرێم و دامودەزگا بەرپرسەکان ئاوڕێک لەو لایەنە گرنگەی کەلەپوری کوردی بدەنەوە و سنوورێک بۆ ئەم وێرانکردنەی مێژوو و کولتوری کوردی دابنێن و دەستوبردێک بکەن بۆ رزگار کردنی ئەوەی ماوە، ئەگەرنا وەک ئەمرۆ چۆن دەڵێین حەیف و مخابن کاتی خۆی چۆن رێگە دراوە دەروازەی کۆنی قەڵاتی هەولێر بروخێنرێت، کە ئەمرۆ ئەم شوێنەوارە مێژووییە لە دەستچووە بە هیچ قەرە بوو ناکرێتەوە[1]، رۆژێکیش دێ ئاوها فرمێسک هەڵدەرێژین بۆ ئەو گەڕەکە کۆنانە و ئەو فەرهەنگە لە دەستچووە کە ناگەڕێتەوە، ئەو کاتەش پەشیمانی هیچ دادێک نادات.

شوێنی عیبادەت بە درێژایی مێژوو لە هەموو شارستانیەتەکاندا بە هۆی پیرۆزی شوێنەکەیەوە لە دروستکردنیدا زۆر بایەخی پێدراوە، نەخش و وردەکاری و هونەرێکی زۆری تێدا بە کار هاتووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەر میللەتە و بە جۆرێک لە هونەری مەحەلی خۆی لە دروستکردن و رازاندنەوەی بەشداری کردووە، هەر بۆیە ئەمە وەک ناسنامەی کولتوری و کەلەپوری ئەو میللەتە دەناسرێت.
لە جیهانی ئیسلامدا مزگەوت وەک شوێنی عیبادەت، هونەری بیناسازییەکەی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی دەگۆڕێت، هەر میللەتێکی موسڵمان کۆمەڵێک تایبەتمەندی و نەخش و دەستڕەنگینی خۆی بە جوانی مزگەوتەکان بەخشیوە.
هەمەچەشنی بیناسازی مزگەوت لە تێکڕای جیهانی ئیسلامدا بە روونی بەرچاو دەکەوێت. شێوازی هونەری بیناسازی مزگەوتەکانی مەغریب زۆر جیاوازن لەگەڵ هونەری بیناسازی مزگەوتەکانی میسر و عێراق و وڵاتە عەرەبییەکانی خەلیج، هەروەها مزگەوتەکانی تورکیا تەواو جیاوازن لەگەڵ مزگەوتەکانی ئێران و کوردستان و پاکستان و مالیزیا و ئەندەنۆسیا، هەر ناوچەیە و کۆمەڵێک لە نەخش و تایبەتمەندی بیناسازی خۆی لە جوانی مزگەوتەکانیدا رەنگیداوەتەوە. بۆ نمونە لە سەرانسەری مە غریب مزگەوتێک نادۆزییەوە کە منارەکەی بازنەیی گومبەتەکەی خڕ بێت وەک ئەو شێوەی لای ئێمە باوە، بەڵکو تێکڕای مزگەوتەکان منارەی لاکێشەیی و گومبەتەکەشی لاکێشەیی و لە ناوەڕاستیشدا قوچەکن. لەم ساڵانەی دوایی لە شاری (الدار البیظاء) مزگەوتێکی یەکجار گەورەیان دروستکردووە کە سەرتاپای شێوازی بیناسازی رەسەنی مەغریبییە و سەرجەم نەخشەکانی هەڵقوڵاوی مێژوو و شارستانیەتی مەغریبن. لە مەغریب ئەم شێوازە لە دروستکردنی مزگەوتی هەموو شار و شارۆچکە و گوندێکدا رەچاو دەکرێت، تەنانەت لە ئەوروپاش مەغریبییەکان کە مزگەوتێک دروست دەکەن لە سەر هەمان شێوازی

---

**[1] - دەروازەی کۆنی قەڵای هەولێر لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو بە بیانوی ئەوەوە روخێنرا کە کۆن بووە و ترسی ئەوەی لێدەکرا بە سەر خەڵکیدا بروخێت، بەڵام ئەمە بیانویەکی زۆر نابەجێ بوو بۆ روخاندنی، چونکە شوێنەوار کە کۆن دەبێت چاکدەکرێتەوە ناڕوخێنرێت. لە هەشتاکانیشدا رژێمی عێراق کە گوایە بایەخ بە شوێنەواری کوردستان دەدات، دەروازەیەکی لە شێوەی دەروازەکانی( بابل) ی لە جێگەیدا دروست کرد کە فڕی بە سەر دەروازە ئەسڵیەکەوە نییە. لە هەر وڵاتێک کە شوێنەوار نوێدەکرێتەوە کۆنەکەی خۆی زیندوو دەکرێتەوە نەوەک کۆپی شوێنەوارێکی دیکەی بۆ بێنی. دیارە رژێمی عێراق وەک هەموو داگیرکەرێک لەمەدا مەبەستی شێواندنی هونەری بیناسازی دێرینی قەڵا بووە . لە بەراوردێکی سەرپێی شێوازی بیناسازی دەروازەی ئێستا لەگەڵ شێوازی بیناسازی دیوارە کۆنەکانی قەڵا، دەکرێ ئەم جیاوازییە بە زەقی بە دیبکرێت.**

بیناسازی مەغریب دروستی دەکەن، چونکە ئەمە بە ناسنامەی کولتوری و فەرهەنگی مەغریبی دادەنێن و بە پێویستی دەزانن بۆ هەمیشە بیپارێزن.
لە وڵاتێکی وەک تورکیاشدا هەمان دیاردە بەرچاو دەکەوێت، لە تێکڕای شارە تورکنشینەکاندا ئەو مزگەوتانەی دروستکراون و دروستدەکرێن لە سەر شێوازی هونەری بیناسازی ئەو مزگەوتانەیە کە لە زوودا لە شاری ئەستەنبوڵ دروستکراون، بە تایبەیش هەر کۆنەکەیان کە مزگەوتی "ئایا سۆفیا"یە. ئەم مزگەوتە (کە ئەمڕۆ مۆزەخانەیە) پێشتر کەنیسەیەکی بە ناوبانگی بێزەنتییەکان بووە، بەڵام دوای داگیرکردنی شاری ئەستەنبوڵ لەلایەن تورکە عوسمانیەکانەوە لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەهەمی میلادیدا، ئەو کەنیسە دەکەن بە مزگەوت و چوار منارەشی بۆ زیاد دەکەن، ئیدی ئەو مزگەتانەی دوای ئەوە دروستدەکرێن لەسەر شێوازی هونەری بیناسازی ئەو کەنیسەیە دروستدەکرێن، وەک مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد و سلێمان و سەوز و مزگەوتەکانی دیکەی شاری ئەستەنبوڵ. ئەم شێوازە لە دروستکردنی مزگەوت لە سەردەمی عوسمانیەکاندا لە ناو تورکیا بە شێوەیەکی فراوان پەرەی سەند و تاوەکو ئەمڕۆش هەر بەردەوامە، ئەم مزگەوتە ئەمڕۆ وەک سیمبولێکی ئیسلامی نەتەوەی تورک تەماشای دەکرێت و تورکە عەلمانیەکانیش بە ناسنامەیەکی گرنگی نەتەوەیی تورکی دەزانن، بۆیە هەر مزگەوتێک کە لە تورکیا دروستدەکرێت هەمان شێوازی هونەری بیناسازی تێدا رەچاو دەکرێت.


منارەی چۆلی لە شاری هەولێر

دەکرێ هەمان شت سەبارەت بە مزگەوتەکانی ئێران و پاکستان و ئەفغانستان و مالیزیا و ئەندەنۆسیا و وڵاتانی دیکەی ئیسلامی بگووترێت. هەر وڵاتە و تایبەتمەندی و شێوازی هونەری بیناسازی تایبەت بە خۆی هەیە لە دروستکردنی مزگەوتەکانیدا، هیچ وڵاتێکی موسڵمان کۆپی هونەری بیناسازی وڵاتێکی دیکەی ئیسلامی وەرناگرێ و لە وڵاتی خۆی دروستییکات.

وەک لە مێژوودا دیارە گەلی کورد بەر لە تورک ئایینی ئیسلامیان قبوڵ کردووە و هەروەها بەر لە تورکیش بیریان لە نەخش و جوانی هونەری بیناسازی بۆ مزگەوتەکانیان کردۆتەوە. بۆیە دەکرێ بڵێین کوردیش خاوەنی شێواز و تایبەتمەندی خۆیەتی لە هونەری بیناسازی مزگەوتدا، هەرچەندە هەمەجۆریەکیش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەوە هەیە.
منارەی چۆلی لە شاری هەولێر کە پاشماوەی مزگەوتێکی کۆنی سەدەی دوازدەی میلادییە، کە ئەوسا ئەو شارە لە ژێر فەرمانڕەوایی( مظفرالدین کوکبری) دا بووە. ئەم منارەیە نمونەیەکی مێژووی ئەو شێوازەیە کە لەو سەردەمە لە ناوچەکەدا باو بووە. هەمان شێوازی منارە لە شەنگار و داقوق و موسڵ هەیە. مزگەوتی ناو قەڵا و مزگەوتی خانەقا چەند نمونەیەکی دیکەی مزگەوتی کۆنی ئەو شارەن.
منارە کۆنەکەی مزگەوتی شاری ئامێدی نمونەیەکی دیکەیە بۆ شێوازی هونەری بیناسازی مزگەوت لای کورد، هەمان شێوازی بیناسازی منارە لە کوردستانی باکوور لە جزیرە و مێردین و حەسکێف(حەسەن کێف) بەرچاو دەکەون.

مزگەوتی "دار الاحسان" ی شاری سنەش نمونەیەکی دیکەی بیناسازی مزگەوتە، ئەم مزگەوتە لە سەدەی هەژدەهەمی میلادی لە لایەن پاشای ئەردەلانی ئەمانولڵاخان بنیاتنراوە کە لە رووی جوانی نەخش و کاشیکارییەکانییەوە هونەرێکی بیناسازی بێوێنەیە.

زۆر نمونەی دیکەی مزگەوتی جوان لە کوردستاندا هەن کە ناکرێ لێرەدا لە سەر هەموویان بدوێین. من درێژەی ئەو باسە بە جێدەهێڵم بۆ کەسانی پسپۆڕ لە بواری هونەری بیناسازیدا، تا بە تێر و تەسەلی لەم لایەنەی کولتوری کوردی بکۆڵنەوە.

ئەگەر ئەمڕۆ گەڕانێک بە ناو شاری هەولێردا بکەین گەلێک مزگەوتی سەیر و سەمەرەمان بەرچاو دەکەون، بە تایبەتی ئەو مزگەوتانەی دوای ڕاپەڕین دروستکراون. مزگەوتی وا لەو شارە راستکراونەتەوە کە هەندێک جار بە زەحمەت بۆت ساغ دەبێتەوە کە ئەو شێوازی هونەری بیناساییە لە کوێوە هاتووە و هی چ وڵاتێکە، بەڵام لە هەموو ئەو مزگەوتانە بەرچاو تر و گەورەتر ئەو مزگەوتەیە کە ئەمڕۆ لە سەر جادەی شەستی هەولێر بنیاتنراوە، ئەو مزگەوتە لە رووی شێوازی بیناسازییەوە کۆپییەکی ئەو مزگەوتانەیە کە لە ئەستەنبوڵ و شارەکانی دیکەی تورکیادا هەن، واتە ئەو مزگەوتەی کە ناسنامەی نەتەوایەتی و ئیسلامی تورکە هەروەک لە پێشدا باسمانکرد.


مزگەوتی "دار الأحسان" لە شاری سنە

کە لەسەر قەڵاتەوە تەماشای شاری هەولێر دەکەی، لە پانوڕامای ئەو مزگەوتەوە شاری دێرینی هەولێرت لێدەبێت بە گەڕەکێکی ئەستەنبوڵ و شارێکی تورکیا. بیناکردنی ئەو مزگەوتە لە سەر ئەو شێوازەی مزگەوتەکانی تورکیا بە تورککردنی بیناسازی مزگەوتی کوردییە، ئەم هونەری بیناسازییە نامۆیە بە هونەری بیناسازی قەڵای هەولێر و منارەی چۆڵی، نامۆیە بە بازاڕی قەیسەری و گەڕەکی خانەقا، نامۆیە بەو کولتورە دەوڵەمەندی کە لە مێژووی بینا کردنی مزگەوتدا هەمانە.

دروستکردنی ئەو مزگەوتە لەسەر شێوازی مزگەوتی(ئایا سۆفیا) بەشێکە لەو شاڵاوە فەرهەنگییەی تورکیا بۆ سەر کوردستانی باشوور، کە لە زۆر رووەوە بۆ چەندین ساڵە دەستیانپێکردووە، ئەوا ئەمڕۆ لە دروستکردنی مزگەوتدا زەق بۆتەوە.

تورکیا هەوڵ دەدات لە هەر کوێیەکی جیهانی ئیسلام دەستی بگاتێ(نەخوازەڵڵا وڵاتێک کە کەمینەیەکی تورکی زمانی هەبێت) لە هەموو کەناڵێکەوە فەرهەنگی تورک برەو پێبدات، لە پێشەنگی کارەکانیشیان دروستکردنی مزگەوتێکی وەک ئەوەی(ئایا سۆفیا)یە، هەر لەم ساڵانەی دواییدا تورکیا مزگەوتی لەمجۆرەی بۆ چەندین وڵاتی ئاسیای ناوەڕاست بە دیاری بردووە، بۆ نمونە مزگەوتێکی گەورەی لەمجۆرەیان لە شاری عەشقابادی پایتەختی تورکەمەنستان دروستکردووە، هەروەها لە چەندین شاری ئازەربایجان لەو مزگەوتانە دروستکردوون، لە بۆسنە و

هێرزەگۆڤینیا هەر لەزووەوە بە ناوی یارمەتیدان لەو مزگەوتانەیان بۆ دروستکردوون، ئەوا ئەمڕۆ ئێمەش لە سایەی بێدەنگیمان و بێئاگایمان لە ناسنامەی کولتوری و هونەری بیناسازیمان، لە سایەی حکومەتێکی کوردی ئازادی خاوەن دەسەڵات، ئەو ناسنامەی کولتوریی و نەتەوەیی تورک بۆ شارەکەمان دێت. دیارە ئەمڕۆ ئەمە لەلایەن خەڵکەوە وەک مزگەوتێکی ئاسایی و شوێنی عیبادەت تەماشای دەکرێت و نەوەک وەک بە شێک لە شاڵاوی فەرهەنگی تورکیا، بەڵام دوای نیو سەدەی دیکە دەبێت بە مێژوو و ئەوسا تورکیا دەڵێت، ئەوە نییە ئێمە لەم شارە مێژوومان هەیە و ئەوەتا گەورەترین مزگەوتی ئەو شارە ناسنامە و هونەری بیناسازییەکەی تورکییە!

لە سەفەرێکمدا بۆ کوردستانی باکوور ئەوەی زیاتر سەرنجی راکێشام ئەوەبوو، لە شارەکانی مالاتیا، ئورفا، میافارقین، دیاربەکر، جزیرە، بدلیس، وان، بایەزید و شارەکانی دی، ئەو کۆشک و تەلار و مزگەوتانەی کە زۆر کۆنن و لەسەردەمی میرنشینە کوردییەکان بنیاتنراون، یان پشتگوێ خروان یانیش دەڕوخێنرێن و لە جێگەیان مزگەوتیکی (ئایا سۆفیا) دورستدەکرێت، هەروەها کەم شاری کوردی ماوە تورکیا چەندین مزگەوتی لەمجۆرەی بۆ دروستنەکردبێت، ئەمە لە کاتێک ئەو ناوچەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ هونەری بیناسازی مزگەوت، دیارە بەمەش ئامانجیان لەناوبردن و شێواندنی مێژوو و سیمای شارستانی و کولتوری کوردە کەلە شارستانیەت و مێژووی تورک لەو ناوچەیەدا زۆر کۆنترە، تورکیا بە نیازە شارێکی مێژوویی وەک حەسکێف(حەسەن کێف) کە سەرتاپای شوێنەوار و هونەری بیناسازی کوردییە، بۆ فراوانتر کردنی بەنداوی( ئەتاتورک) ژێر ئاو بخات!

من دژی ناسنامەی کولتوری و نەتەوەیی هیچ میللەتێک نیم، پێشموایە پێویستە هەموو میللەتێک بایەخ بە ناسنامە و کەلەپوری خۆی بدات تا ئەو رادەی کە نەبێت بە داگیرکەر بۆ فەرهەنگ و کەلەپوری میللەتێکی دی. بێگومان ئێمەش وەک هەر میللەتێکی دی مافی خۆمانە بایەخ بە ناسنامەی کولتوری و هونەری بیناسازی رەسەنی خۆمان بدەین لە ئاست هەر شاڵاوێکی فەرهەنگی میللەتێکی دیش بۆ سەر وڵاتەکەمان وە دەنگ بێین، ئەوەی دگیرکەران ساڵەهایە دەیشێوێنن و لە ناویدەبەن ئێمە زیندووی بکەینەوە، بە تایبەت ئێمە کە ئەمڕۆ خاوەن دەسەڵات و حکومەت و ئیدارەی خۆمانین.

ئایا باشتر نەبوو لە جیاتی کۆپیکردنی بیناسازی مزگەوتێکی تورکیا، بیناسازی مزگەوتێکی کۆنی کوردی زیندوو بکەینەوە؟

bewar11@yahoo.com